## لێدوانی  کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان– سەرکردایەتی باشوور
## لەسەر بەیاننامەی هاوبەشی
## کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لەسکاندیناڤیا  و  پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
## ڕێکەوتی ٦/٦/٢٠٠٨

کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان/سەرکردایەتی باشوور، بەچاوی ڕێزەوە روانیە بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو لایەنی سەرەوە و هەموو بەندەکانی پەسەندو پیرۆز کرد.
بەم بۆنەیەوە، داواکارین ئەم ڕێکەوتنە ببێتە بەردی بناغەی خەباتێکی بەرەیی هەموو ئەو پارتی و ڕێکخراو و تاکەکەسانەی باوەڕیان بەسەربەخۆیی کوردستان هەیە و لەپێناویدا تێئەکۆشن لەسەرتاسەری کوردستان و دەرەوەی کوردستانیشدا.
بەم بۆنەیەوە، ئەوە بۆ جەماوەری گەلەکەمان ڕوونئەکەینەوە و جەختی لەسەر ئەکەینەوە کە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، پارتی (حیزب) نیە. بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ خەباتی یەکگرتوو لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانی سەرجەم پارتی و ڕێکخراو و تاکەکانی نەتەوەی کوردمان لەژێر چەترێکی کۆنگرەییدا و هەر یەك لەو لایەن و کەسانە، تەواوی سەربەخۆیی خۆیان ئەپارێزن.

سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کوردمان لەپێناوی ڕزگاری و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا!

**کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان**

**سەرکردایەتی باشوور**

7/6/ 2008